کوێی ماوەتەوە؟ -واتا لە مەڕەکە- ووتی: تەنها شانەکانی ماوەتەوە، فەرمووی: هەمووی ماوەتەوە جگە لە شانەکانی نەبێت

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: مەڕێکیان سەربڕی؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «کوێی ماوەتەوە؟» (-واتا لە مەڕەکە-)، (عائیشە) ووتی: تەنها شانەکانی ماوەتەوە، فەرمووی: «هەمووی ماوەتەوە جگە لە شانەکانی نەبێت».

[صەحیحە] [تورموذی گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- مەڕێکی سەربڕی وپاشان کردیانە خێر تەنها شانەکانی مایەوە، پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: پاداشتی خێرکردنەکە هەمووی ماوەتەوە لای خوای گەورە وەکو پاداشتێک پێمانی دەبەخشێت لە قیامەتدا؛ چونکە کردیانە خێر، بەڵام ئەوەی نەکراوەتە خێر وماوەتەوە لەڕاستیدا ئەوەیان نامێنێت.

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/5810